| تێپەڕ | تێنەپەڕ |
|---|---|
| هێنان ، هانین | هاتن |
| هێشتن ، هێڵان | مان |
| ناردن | ڕۆیشتن |
| خستن | کەوتن |
| بزاوتن ، بزافتن | بزووتن |
| بردن ، ناردن | چوون |
| ڕشتن | ڕژان |
| سوین ، سوون | سوان |
| کێشانەوە | کشانەوە |
| قەڵاشتن | قڵیشان |
| هەڵگرتن | هەڵستان |
| هێشتنەوە ، هێڵانەوە | مانەوە |
| کردن | بوون |
| بەردان | بەربوون |

... و هەندێکی دی .[٤١]

[٤١] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد بەشێکی زۆری کردارەکانی ئەو لیستەیەی یادداشت کردووە (بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ، ل ١٢٣) .

نوستن —

دەنوستم

بنوستمایە

خنکان —

دەخنکام

بخنکامایە

ترسان —

دەترسام

بترسامایە

شکان —

دەشکام

بشکامایە

بەزین —

دەبەزیم

ببەزیمایە

خەوتن —

دەخەوتم

بخەوتمایە

کەوتن —

دەکەوتم

بکەوتمایە

هاتن —

دەهاتم

بهاتمایە

نواندن —

دەمنواند

بمنواندایە

خنکاندن —

دەمخنکاند

بمخنکاندایە

ترساندن —

دەمترساند

بمترساندایە

شکاندن —

دەمشکاند

بمشکاندایە

بەزاندن —

دەمبەزاند

بمبەزاندایە

خەواندن —

دەمخەواند

بمخەواندایە

خستن —

دەمخست

بمخستایە

هێنان ، هانین —

دەمهێنا ، دەمهانی

بمهێنایە ، بمهانییایە

| چاوگ | قەد | پاشگر | ناوی کارا |
|---|---|---|---|
| هەڵبوون | هەڵ– بوو | – وو | هەڵ بوو |
| ڕابوون | ڕا – بوو | – وو | ڕابوو |
| زاڵبوون | زاڵ – بوو | – وو | زاڵ بوو |
| سیسبوون | سیس – بوو | – وو | سیس بوو |
| هەڵچوون | هەڵ - چوو | – وو | هەڵچوو |
| ڕۆچوون | ڕۆ– چوو | – وو | ڕۆچوو |
| دەرچوون | دەر– چوو | – وو | دەرچوو |
| بەسەرچوون | بەسەر – چوو | – وو | بەسەرچوو |

...هتد [٩٩]

پاشگری (–وو) لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا لە شێوەی (–ی)دا بەکاردێ و دەوترێ:

هاتی ، کەتی...

مایی ، بوویی...

لەرزی...

واتە:

ا–ئەگەر قەد کۆتایی بە دەنگی نەبزوێن بێت ، ئەوە (–ی)ی بە ڕەوانی وەردەگرێ : (هاتی ، کەتی..)

[٩٩] ناوی کارا لە فۆرمی سادەی (بوون ، چوون) ەوە پەیدا نابن و تەنیا لەفۆرمی ناسادەیانەوە دەکەونەوە.

| | | |
|---|---|---|
| بردن | برد | بردوو |
| شێلان | شێلا | شێلاو |
| پێوان | پێوا | پێواو |
| پۆشین | پۆشی | پۆشیو |
| بەخشین | بەخشی | بەخشیو |

......هتد

پێویستە پەنجەش بۆ ئەوەش ڕابکێشین ، ئەگەر لەپێش قەدەوە وشەیێکی واتادار هەبێ و شوێنی کارای گرتبێتەوە ئەوە مانای وشە لێکدراوەکە دەبێتە بەرکار ، چونکە کارا پێویستی بە بەرکارە . وەك:

خواگرتوو

ئاوبردوو

خواپێداو

...

ب–بەدوا قەدی زۆربەی کرداری کارا بزردا دێت . وەك :

| چاوگ | قەد | پاشگر | ناوی بەرکار |
|---|---|---|---|
| کێڵران | کێڵرا | | کێڵراو |
| شێلران | شێلرا | | شێلراو |
| .... | | | |
| نووسران | نووسرا | | نووسراو |
| بینران | بینرا | | بینراو |
| .... | | | |
| درووران | دروورا | ـوو | درووراو |

**تێبینی :**

لە کۆمەڵە چاوگی تێپەڕی بە (ان) کۆتایی هاتوودا ، تەنیا دوو چاوگی (دان ، نان) ناچنە نێو دەستووورە بنەڕەتی یەکەوە .

٣-ئەو چاوگانەی کەمێکیان بەر ڕێگە بنەڕەتی یەکە دەکەون :

أ- تێنەپەڕی بە (تن) کۆتایی هاتوو :

| چاوگ | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|
| کەوتن | کەو [125] | : | دەکەوم |
| خەوتن | خەو | : | دەخەوم |
| بزووتن | بزوو | : | دەبزووم |

**تێبینی :**

چاوگی (هاتن ، نوستن ، گەیشتن ، ڕۆیشتن ... ) لە دەستوور لایان داوە .

ب- تێنەپەڕی بە (ان) کۆتایی هاتوو :

| چاوگ | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|
| ترسان | ترس [126] | : | دەترسم |
| وەستان | وەست | : | دەوەستم |
| گریان | گری [127] | : | دەگریم |

**تێبینی :**

وێڕای ئەو سێ چاوگە - واتە (ترسان ، وەستان ، گریان) و چاوگی "مان"، سەرجەمی ئەوانی دی : (گەڕان ، ڕژان ، خنکان ، سووتان ، ڕووخان ، ڕمان ...) بەر دەستووورە بنەڕەتی یەکە دەکەون .

(١٢٥) ئێرانیی کۆن (کەپ)

(١٢٦) ئێرانیی کۆن (ترس) ، ئاوێستا (تەرسە) .

(١٢٧) ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (گەر) .

ج- تێپەڕی بە (تن) کۆتایی هاتوو :

| چاوگ | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|
| ئاژووتن | ئاژوو | : | دەئاژووم |
| گرتن | گر[128] | : | دەگرم |
| ... | | | |

## تێبینی :

چاوگی (خستن ، ڕشتن ، گەستن ، شتن / شوشتن ، بیستن ، هاویشتن ، کوشتن ، کرۆشتن ، ویستن ، وتن ، هێشتن ، پاڵاوتن ، پاراستن) خاوەنی دەستووری جۆربەجۆرن .

د-تێپەڕی بە (دن) کۆتایی هاتوو :

| چاوگ | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|
| خوێندن | خوێن[129] | | دەخوێنم |
| ژەندن | ژەن | : | دەژەنم |

## تێبینی :

هەرچی (خواردن ، ناردن ، چاندن ، بژاردن ، ژماردن ، کردن ، سپاردن ، بواردن ، بردن ... )ە بەر دەستووری بیژۆك دەکەون .

(128) ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆن (گرەب) .

(129) ئێرانیی کۆن (هڤەن) ، فارسیی ناوەڕاست (هڤەن) .

# ڕێگەی بیژۆک

**١-لابردنی دوا دەنگ - واتە (ن)ی چاوگ**

**أ-گشت تێپەڕێکی چاوگی بە (وون) کۆتایی هاتوو :**

| چاوگ | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|
| دروون | دروو[١٣٠] | : | دەدرووم |
| سوون | سوو[١٣١] | : | دەسووم |
| گروون | گروو | : | دەگرووم |
| جوون | جوو[١٣٢] | : | دەجووم |

**ب-کەمێ لە چاوگە تێپەڕە بە (تن) کۆتایی هاتووەکان :**

| چاوگ | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|
| بەستن | بەست | : | دەبەستم |
| بیستن | بیست | : | دەبیستم |
| پەرستن | پەرست | : | دەپەرستم[١٣٣] |

---

[١٣٠] ئێرانیی کۆن (در) .

[١٣١] ئێرانیی کۆن (سو ، سەڤ) .

[١٣٢] ئێرانیی کۆن (جیەڤ) .

[١٣٣] ئەوەش بەر گوێ دەکەوێ ، کە وشەی (بەستن) و (بیستن) و (پەرستن) ، (ت)ەکەیان دەفرتێنرێت و دەوترێ : (دەبەسم) ، (دەبیسم) ، (دەپەرسم) و بەو پێیە بەر دەستووره بنەڕەتی‌یەکە دەکەوێت . هەرچی چاوگی (بیستن)ە ، ڕەگەکەی لە شێوەی (بێ)یشدا دەبینرێ . لەم حاڵەتەدا بەر یاسای لابردنی سێ دەنگی کۆتایی و گۆڕینی (ی)ی کۆتایی بە (ێ) دەکەوێت .

ج–چاوگێکی تێپەڕی بە (دن) کۆتایی هاتوو :

سەندن        سەند        :        دەسەندم[١٢٤]

د– چاوگێکی تێنەپەڕی بە (ین) کۆتایی هاتوو :

ژین        ژی[١٢٥]        :        دەژیم

٢– لێکردنەوەی دوا دەنگ و گۆڕینی (ا)ی کۆتایی بە (ێ) یان (ە) .

أ– کردنی (ا) بە (ێ) .

سەرجەمی چاوگە تێنەپەڕە بە (ان) کۆتایی هاتووەکان (جگە لە "ترسان ، وەستان ، گریان"[١٣٦] و "مان"یش ، کە ڕەگەکەی "مێن"ە) و تاکە چاوگی (نان) بەر ئەم دەستوورە دەکەون .

تێنەپەڕ :

| چاوگ | | | | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گەڕان | ـن – | گەڕا | > | گەڕێ | : | دەگەڕێم |
| پژان | ـن – | پژا | > | پژێ | : | دەپژێم |
| خنکان | ـن – | خنکا | > | خنکێ | : | دەخنکێم |

---

(١٢٤) لە وشەی (سەندن)یشدا قووت دانی (د) دەبیسترێ – واتە لە بریتی (دەسەندم) دەوترێ (دەسەنم) . ڕەگی ئەم چاوگە لە حاڵەتی سواندا دەکەوێتە نێو دەستووورە بنەڕەتی‌یەکەوە . ئەم چاوگە لە شێوەی (سەنین)یشدا دەبینرێ . لەم بارەدا بەر یاسای لابردنی دوو دەنگی کۆتایی و کردنی (ە)ی پێش کۆتایی بە (ێ) دەکەوێ .

(١٢٥) ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆن (گەی) .

(١٣٦) لە هەندێ ناوچە ، تەنانەت بۆ (ترسان) و (وەستان) و (گریان)یش دەوترێ (دەترسێم ، دەوەستێم ، دەگریێم) . بەپێی بەکارهێنانی ئەو ناوچانە ، ئەم دوو چاوگەش بەر دەستووری بنەڕەتی ناکەون و ناچنە نێو دەستووری بێزۆکی دووەمەوە .

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سووتان | | سووتا | > | سووتێ[١٣٧] | : | دەسووتێم |
| ڕمان | -ن- | ڕما | > | ڕمێ | : | دەڕمێم |
| پسان | | پسا | > | پسێ | : | دەپسێم |

تێپەڕ :

نان - ن - نا > نێ : دەنێم

ب- گۆڕینی (ا) بە (ە) .

تەنیا چاوگی (دان) ئەم ڕێگەیەی گرتووە .

دان -ن- دا > دە[١٣٨] : دەدەم

٣-لابردنی دوو دەنگی کۆتایی - واتە نیشانەی چاوگ - و هەندێ گۆڕانکاری .

ا- کردنی ( ا )ی کۆتایی بە (ێ)

| چاوگ | | نیشانەی چاوگ | ڕەگ | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زاین | - | ین | -زا | > | زێ[١٣٩] | : | دەزێم |
| هاتن | - | تن | -ها | > | هێ > ێ[١٤٠] | : | دەهێم ، دێم[١٤١] |

---

[١٣٧] ئێرانیی کۆن (سەوک) ، ئاوێستا (سەوک) .

[١٣٨] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆن (دا) .

[١٣٩] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (زە - ن) .

[١٤٠] ئێرانیی کۆن (ی) ، ئاوێستا (ئەی) .

[١٤١] ڕەگی کاتی ڕانەبوردووی (هاتن) کورت کراوەتەوە ، واتە لە (هێ) وە بووە بە (ێ) : (دەهێم) بووە بە (دێم) .

**تێبینی :**

تەنیا دوو چاوگی (زاین) و (هاتن) بەر ئەو یاسایە دەکەون ، کە هەردووکیان تێنەپەڕن .

ب) کردنی ( ا )ی پێش کۆتایی بە (ێ) .

بەشێکی زۆری چاوگی تێپەڕی بە (دن) کۆتایی هاتوو و سەرپاکی ئەو کردارە تێنەپەڕانەی بە یاریدەی پاشگری (-اندن) کراون بە تێپەڕ و چەند وشەیێکی کەمی چاوگی تێپەڕی بە (تن) کۆتایی هاتوو بەر ئەم دەستوورە دەکەون :

| چاوگ | | | | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بژاردن | -دن- | بژار بژار | < | بژێر[142] | : | دەبژێرم |
| سپاردن | -دن- | سپار سپار | < | سپێر[143] | : | دەسپێرم |
| بواردن | -دن- | بوار بوار | < | بوێر | : | دەبوێرم |

=

لە هەندێ بەشە دیالێکتی ژووروودا (د)ی سەرەتای (دێم) دەبێ بە (ت) و دەوترێ (تێم) . لە ناوچەی سلێمانیش هەمان (د) کلۆر دەکرێ و (ێ)یش دەکرێ بە (ە) : (یەم) . لە گەلێ ناوچەشدا ، بە تایبەتی لە ناوچەی موکریاندا (هێ)ی ڕەگی (هاتن) بێ کورت کردنەوە بەکاردێنرێ و دەوترێ (دەهێم) .

[142] ئێرانیی کۆن (ڤجار) ، ئاوێستا (گەر) .

[143] ئێرانیی کۆن (سپەر) ، فارسیی ناوەڕاست (سپار) .

خ[illegible]استن -تن- خواس > خواز : دەخوازم
خواس

..

ھ- گۆڕینی (ش)ی کۆتایی بە (ژ ، ڕ)و ، (س) بە (ز)و کردنی (ا ، ی ، اَ)ی پێش کۆتایی بە (ێ) :

| چاوگ | | | | | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (ش > ژ) ، (ا > ێ) : | ناشتن | -تن- | ناش<br>ناش | > | نێژ | : | دەنێژم |
| (ش > ژ) ، (ی > ێ) : | هاویشتن | -تن- | هاویش<br>هاویش | > | هاوێژ[147] | : | دەهاوێژم |
| (ش > ژ) ، (اَ > ێ) : | ڕشتن | -تن- | ڕش<br>ڕش | > | ڕێژ[148] | : | دەڕێژم |

...

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| (ش > ر) ، (ا > ێ) : | داشتن | -تن- | داش<br>داش | > | دێر | : | دەدێرم |
| (س > ز) ، (ا > ێ) : | پاراستن | -تن- | پاراس<br>پاراس | > | پارێز | : | دەپارێزم |

...

[147] ئێرانیی کۆن (ڤەیگ) ؛ ئاوێستا (ڤەیگ) .

[148] ئێرانیی کۆن (ڕەیک) ؛ ئاوێستا (ڕەیک) .

ج -گۆڕینی (ی)ی کۆتایی بە (ێ).

| چاوگ | | | | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ویستن | -ستن | وی | < | وێ | : | دەمەوێ |
| | | وی | | | | |
| بیستن | -ستن | بی | < | بێ | : | دەبێم [١٥٣] |
| | | بی | | | | |

د- گۆڕینی ( i )ی کۆتایی بە (ە).

| چاوگ | | | | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| بردن | - ردن- | بـ bi | < | بە [١٥٤] | : | دەبەم |
| | | بـ bi | | | | |
| کردن | - ردن- | کـ Ki | < | کە [١٥٥] | : | دەکەم |
| | | کـ Ki | | | | |
| خستن | - ستن- | خـ Xi | < | خە [١٥٦] | : | دەخەم |
| | | خـ Xi | | | | |

ە-لابردنی چوار دەنگی کۆتایی.

| چاوگ | | | ڕەگ | | |
|---|---|---|---|---|---|
| گەیشتن | - یشتن | - | گە | : | دەگەم |

---

[١٥٣] (بیستن) پتر بەر یاسای لابردنی دوا دەنگ دەکەوێ ، کە ڕەگەکەی دەبێ بە (بیست) .

[١٥٤] ئێرانیی کۆن و ئاوێستا و فارسیی کۆن (بەر) .

[١٥٥] ئێرانیی کۆن (کەر) ؛ فارسیی ناوەڕاست (کون) .

[١٥٦] ئێرانیی کۆن (خفەد ، خفەم) ؛ ئاوێستا (خفەستە) .

ڕۆیشتن    – یشتن    -    ڕۆ[157] [158]    :    دەڕۆم

٦–لابردنی چوار دەنگی کۆتایی و کردنی (و) بە (ۆ) :

چاوگ    ڕەگ

خواردن    –اردن –    خو    خۆ[159]    :    دەخۆم

>    خو

٧–لانەبردنی هیچ دەنگێك و کردنی (ا) بە (ێ) :

مان    >    مێن[160]    :    دەمێنم

چاوگی (مان) لە فارسیدا (ماندن)ە. بەپێی شێوە فارسی‌یەکەی وەرگرتنی ڕەگی دەچێتەوە سەر ئەو کردارانەی پاشگری (–اندن)یان پێوەیە .

٨–هەندێ چاوگ و ڕەگ هەیە ، کە لە شێوەی ئەمڕۆیاندا هیچ پێوەندی‌یێك لە نێوانیاندا بەدی ناکرێ . هەر یەك لەو ڕەگانەش بە ڕێگەیێکی سەربەخۆدا ڕۆیشتووە . بەوێنە :

ڕەگی (گوتن / وتن) – (ڵێ)یە ، کە بەر هیچ دەستوورێك ناکەوێ .

ڕەگی (دیتن / دین) لە کاتی ڕانەبوردوودا بە ڕەگی چاوگی (بینین) دەردەبڕێ .

... هتد .[161]

---

(157) ئێرانیی کۆن (ڕەف) ؛ فارسیی ناوەڕاست (شەف) .

(158) ئەگەر (گە) لە (گەین)ەوە وەرگیرابێ و (ڕۆ)ش لە (ڕۆین) ەوە ، ئەوە بەر دەستووری بنەڕەتی‌یەکە دەکەون .

(159) ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (خفەر) .

(160) ئێرانیی کۆن و ئاوێستا (مەن) .

(161) بینیمان ، کە بۆ ئەنجامهێنانی ڕەگی کردار وێرای (ڕێگەی بنەڕەتی) – واتە لابردنی (ن)ی چاوگ و دەنگەکەی پێشەوەی – (ڕێگەی بزۆك)یش هەیە – واتە بەشێکی زۆری چاوگی تێنەپەڕی (ان)ی و تێپەڕی (دن)و تێنەپەڕ و تێپەڕی (تن)ی و کەمێکی چاوگی تێنەپەڕی

=

# ناوی کارا

لە زمانی کوردیدا ڕەگی کردار بە یاریدەی پێشگر یان پاشگر یان وشەی واتادار ناوی کارا پێک‌دێنن .

**یەک - پێشگر :**

**١- پێشگری ( بـ - )**

| چاوگ | ڕەگ | پێشگر | ناوی کارا |
|---|---|---|---|
| وێران | وێر | | بوێر[١٦٦] |
| کوشتن | کوشت | | بکوژ |
| نووسین | نووس | بـ - | بنووس |
| بڕین | بڕ | | بڕ |

... هتد

**٢- پێشگری ( نە- )**

أ)تێنەپەڕ

| چاوگ | ڕەگ | پێشگر | ناوی کارا |
|---|---|---|---|
| مردن | مر | | نەمر |
| بەزین | بەز | نە - | نەبەز |
| ترسان | ترس | | نەترس |

...

[١٦٦] لە تێکستی کۆنی کوردیدا وشەی "بوێر" بە واتای "ئازا" بەرچاودەکەوێ . بۆ زانیاری لەو بارەوە ، بڕوانە : پەراوێزی (٤٤)ی لاپەڕە ٨٥ ی بەشی سێیەمی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە - (ئاوەڵناو) .

وێنەی پاشگری (ـا)ی کوردی لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا لە شێوەی (ـاك)دا دەبینرێ . بەوێنە : " داناك" ، کە لە "دانا"ی ڕەگی کرداری "دانستەن"و پاشگری (ـاك) سازبووە ؛ یاخود وشەی "ڕەڤاك" ، کە لە "ڕەڤ"ی ڕەگی کرداری "ڕەفتەن" و پاشگری (ـاك) پێکهاتووە [١٧٤]. لە زمانی فارسیی نوێدا بە هەمان شێوەی کوردی دەبینرێ . بەوێنە "دانا" (دانا) ؛ "شنوا" (گوێگر) ؛ "کوشا" (تێکۆشەر)... [١٧٥]

٣- پاشگری (-یار)

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی کارا |
|---|---|---|---|
| کڕین | کڕ | -یار | کڕیار |
| فرۆشتن | فرۆش | | فرۆشیار |
| زانین | زان | | زانیار |

... هتد [١٧٦]

٤- پاشگری (-گار)

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی کارا |
|---|---|---|---|
| پاراستن | پارێز | -گار | پارێزگار [١٧٧]، [١٧٨] |

[١٧٤] ف. س. ڕاستۆرگویڤا ، زمانی فارسیی ناوەڕاست ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ٣٠ .

[١٧٥] ذو النور ، دستور پارسی در صرف و نحو و املای فارسی ، تهران ، ١٣٤٣ ، ل ١٥٢ .

[١٧٦] بۆ وەرگرتنی زانیاریی دی لەبارەی پاشگری (-یار)ەوە ، بڕوانە : پەراوێزی (٥٧)ی لاپەڕە (١٢٩)ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم بەرهەمە - (ناو) .

[١٧٧] ئەم پاشگرە دەچێتە سەر قەدیش ، بڕوانە لاپەڕە (١١٦)ی ئەم نووسینە .

[١٧٨] لە زمانی فارسیی نوێشدا بە هەمان شێوە و قالب دەبینرێ . بڕوانە ، سەرچاوەی ناوبراو (ذو النور ، ل ٥٢) .

ب) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێنەپەڕ :

١- پاشگری ( -ۆک )

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی کارا |
| --- | --- | --- | --- |
| گەڕان | گەڕ | | گەڕۆک |
| خشان | خش | -ۆک | خشۆک |
| لەرزین | لەرز | | لەرزۆک [١٧٩] |

بۆ بەکارهێنانی ئەم پاشگرە ، هەندێ جار ئەوەش بەدی دەکرێ ، کە ڕەگی کردار دووپات دەکرێتەوە . وەک :

خش‌خشۆک

پس‌پسۆک

٢- پاشگری ( نۆک ) :

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی کارا |
| --- | --- | --- | --- |
| ترسان | ترس | -نۆک | ترسنۆک |
| گریان | گری | | گرینۆک |

ئەم پاشگرە بە هەمان واتا و مەبەستی پاشگری (-ۆک) دێت [١٨٠] و بە هەمان چەشن هەر لەگەڵ ڕەگی کرداری تێنەپەڕدا دێت .

[١٧٩] بۆ وەرگرتنی زانیاریی پتر سەبارەت پاشگری (-ۆک) ، بڕوانە : پەراوێزی (٥٨)ی لاپەرە (١٢٩)ی بەشی یەکەمی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە - (ناو) .

[١٨٠] ڕەفیق محەممەد شوانی ، نامەی ماجیستێر ، ل ١٠٩ .

## تێبینی :

١-لە زمانی کوردیدا ڕەگی کردار بە ڕووتی - واتە بێ هیچ زیادی‌یێک ( جا زیادی‌یەکە پێشگر یا پاشگر یا وشەی واتادر بێ ) - ناوی کارای لێ پەیدا نابێ .

٢-پێشگری (بە - ، نە- )و زوربەی ئەو پێشگرانەی یاریدەی ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەدەن (ڕا ، هەڵ ، دا ، وەر ... پێ ، تێ ...)و پاشگری (-ەر ، -ا ، -یار ، -گار ، -ۆك ، -نۆك ، -ەك ، -ندە ، - دە / -یدە) لەگەڵ ڕەگدا ناوی کارا ڕۆدەنێن :

ا) پێشگری (بە -)و سەرجەمی ئەو پێشگرانەی یاریدەی ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەدەن و پاشگری (-ەر ، -ا ، یار ، -گار) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێن و لەگەڵ تێنەپەڕدا ڕێك‌ناکەون .

ب) پاشگری (-ۆك ، -نۆك ، -ەك) دەچنە سەر ڕەگی کرداری تێنەپەڕ و بە دوا تێپەڕدا نایەن .

جـ) پێشگری (نە -)و پاشگری (-دە / -یدە) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕیش و تێنەپەڕیشدا دێن .

٣-وشەی واتادار و ڕەگ پێکەوە ناوی کارا سازدەکەن . وشە واتادارەکەش دەشێ (ناو) ، یان (ئاوەڵناو) ، یان (ئاوەڵکردار) بێ .

٤-ڕەگی کرداری تێپەڕ پتر لە تێنەپەڕ دەتوانێ ببێتە کەرەستەی ڕۆنانی ناوی کارا .

٥-ڕەگی کردار لە بەشداربوونی پێکهێنانی ناوی کارادا زۆر لە قەدی کردار چالاکترە .

٦-ڕەگ لە هاریکاری‌کردنی ڕۆنانی (ناوی کارا)دا گەلێ چالاکترە وەك لە یاریدەدانی سازکردنی (ناوی بەرکار)و (ناوی چاوگ)و (ناوی جێگا)و (ناوی ئامێر)دا .

# ناوی بەرکار

بۆ پێکهێنانی ناوی بەرکار لە ڕەگەوە یان پاشگر ، یان وشەی واتادار ، یان وشەی واتادار و پێشگر پێکەوە هاریکاری دەکەن :

## یەك - پاشگر

١- پاشگری ( -وو ) .

لە خاڵی دووەمی ئەو ناوی بەرکارانەی بە هۆی (قەد) + (پاشگری "-وو") پێك دێن ، ئەوەمان یادداشت کرد ، کە پاشگری (-وو) بە دوا قەدی زۆربەی کرداری کارا بزردا دێت . وەك :

| | | |
|---|---|---|
| کێڵران | کێڵرا | کێڵراو |
| نووسران | نووسرا | نووسراو |

... هتد [١٨٥]

لەبەر ئەوەی بوونی ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو بە بناغەی سازکردنی کرداری کارا بزر دەستوورێکی زمانی کوردیە ، بۆیە دەشێ وشەکانی (کێڵراو ، نووسراو ...) ڕێگەی پێکهێنانیان بە هۆی ڕەگیشەوە لێکبدرێتەوە .

[١٨٥] بڕوانە لاپەڕە (١١٨-١٢١)ی ئەم نووسینە .

وەك دەزانین گشت کردارێکی تێپەڕ ، کە پاشگری (ـر)ی وەرگرت ، دەبێتە کارا بزر . پاشگری (ـر)ی کارا بزریش بە کۆتایی ڕەگی کرداری ڕانەبوردووەوە دەلکێ . ئەگەر پێویست ڕێژەی ڕابوردوو بێ نیشانەی ( ا ) بەدوا پاشگری (ـر)دا دەهێنرێ . وەك :

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | پاشگر | نیشانە | ناوی بەرکار |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| هێنان | هێن | | | هێنرا |
| چنین | چن | ـر | ا | چنرا |
| خوێندن | خوێن | | | خوێنرا |
| ... | | | | |

کەواتە دەتوانین بڵێین ، کە ناوی بەرکاری (هێنراو ، چنراو ، خوێنراو ...) لە :

(ڕەگی کردار + ر + ا + و) پێکهاتووە - واتە پاشگری (ـوو) هاریکاری لەو ڕۆنانەدا کردووە .

دوو - وشەی واتادار

وشە واتادارەکانی ئەم حاڵەتە ئاوەڵکردارن و ڕەگەکانیش دەشێ هی کرداری تێنەپەڕیش و تێپەڕیش بن :

| | وشەی واتادار | | ڕەگ | | ناوی بەرکار |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| تێنەپەڕ | بەر | + | کوڵ | - | بەرکوڵ |
| | بن | + | کڕ | - | بنکڕ |
| | ... | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تێپەڕ | بەر | + | کوت | - | بەرکوت |
| | بەر | + | پرس | - | بەرپرس |

سێ - وشەی واتادار و پاشگری (ـە)

سەرنێشە

مەلاخۆرە

کوردکوژە

دۆشاومژە

... هتد .

**تێبینی :**

١-ناوی بەرکاریش وەك ناوی کارا لە ڕەگی ڕووت پەیدا نابێ .

٢-تەنیا دوو پاشگری (ـوو)و (ـە) دەتوانن یاریدەی ڕۆنانی ناوی بەرکار بەن . (ـوو) لەگەڵ کرداری کارا بزرێدا دێت و (ـە)ش بەدوا ڕەگێکدا دێت ، کە لە پێشی‌یەوە وشەییێکی واتادار هەبێ .

٣-وشەی واتادار و ڕەگ پێکەوە ناوی بەرکار سازدەکەن و وشە واتادارەکەش تەنیا دەشێ ئاوەڵکردار بێ . بەڵام لە ناوی کارادا (ناو)یش و (ئاوەڵناو)یش دەتوانن ئەو ئەرکە بەجێ‌بێنن .

٤-ڕەگی کرداری تێپەڕ پتر لە تێنەپەڕ لەبارە بیبێتە بنەمای ڕۆنانی ناوی بەرکار .

| | | | |
|---|---|---|---|
| پستن | پست | ە | پسته |
| پشتن | پشت | ە | پشته |
| ... | | | |

٢-پاشگری ( -ست ) .

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی چاوگ |
|---|---|---|---|
| توانین | توان | | توانست |
| زانین | زان | -ست | زانست |
| ... هتد . | | | |

٣-پاشگری ( -ش / -شت )

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی چاوگ |
|---|---|---|---|
| وەرزین | وەرز | | وەرزش / وەرزشت |
| کۆشین | کۆش | | کۆشش / کۆششت |
| ڕەوین [١٨٦] | ڕەو | - ش / -شت | ڕەوش / ڕەوشت |
| بڕین | بڕ | | بڕشت |
| خواردن | خۆ | | خۆرش / خۆرشت [١٨٧] |
| ... هتد . | | | |

---

[١٨٦] لیژنەی زمان و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد وای داناوە ، کە وشەی (ڕەوشت) لە ڕەگی کرداری (ڕۆین)ەوە وەرگیراوە (ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی ... ل ٣٦٠) . بەڵام ئەگەر تەماشای "فەرهەنگی خاڵ" ، جزمی دووەم ، لاپەڕە (٢٠٢)و "فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە"ی مامۆستا هەژار (ل ٣٦٣) بکەین ، تێدەگەین ، کە لە ڕەگی کرداری (ڕەوین)ەوە ڕۆنراوە .

[١٨٧] لە پەراوێزی ( ١٧١ )ی ئەم نووسینەدا هۆی بەکارهێنانی (خۆر)مان لە بریتی (خۆ) ڕوون کردووەتەوە .

**تێبینی :**

پاشگری (-ست)و (-ش / -شت) کەم بەکاردێنرێن . (-ست) تەنیا بە دوا ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێت ، بەڵام (-ش / - شت) بەدوا تێپەڕیش و تێنەپەڕیشدا دێ .

٤-پاشگری (-اك)

| چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی چاوگ |
|---|---|---|---|
| پۆشین | پۆش | - اك | پۆشاك |
| خواردن | خۆ | | خۆراك |

ئەم پاشگرە تەنیا بە دوا ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێ .

**تێبینی :**

١-لە نێو (ناوی کارا) و (ناوی بەرکار)و (ناوی چاوگ)و (ناوی جێگا)و (ناوی ئامێر)دا تەنیا (ناوی چاوگ) بە ڕەگی ڕووت پێك دێ .

٢-لە نێو ئەو پاشگرانە (-ە ، ست ، -ش / -شت ، - اك)ی دەچنە سەر ڕەگ و ناوی چاوگ سازدەکەن ، پاشگری (-ە) لە هەموویان چالاکترە .

٣-پاشگری (-ست)و (-اك) تەنیا بەدوا ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێن ، بەڵام پاشگری (-ە)و (-ش / -شت) دەکەونە دوا ڕەگی تێپەڕیش و تێنەپەڕیشەوە .

٤-بۆ سازکردنی (ناوی چاوگ)یش بە هەمان چەشنی (ناوی کارا)و (ناوی بەرکار) ڕەگی کرداری تێپەڕ پتر لە تێنەپەڕ لەبارتر و چالاکترە .

# ناوی جێگا

بۆ ڕۆنانی ناوی جێگا لە ڕەگەوە تەنیا پاشگر بەشداری دەکا :

١- پاشگری ( -گە / -گا )

| | چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی جێگا |
|---|---|---|---|---|
| | لەوەڕین | لەوەڕ | | لەوەڕگە / لەوەڕگا |
| تێنەپەڕ | ڕوانین | ڕوان | | ڕوانگە |
| | فڕین | فڕ | | فڕگە |
| | ... | | -گە / -گا | |
| | کێڵان | کێڵ | | کێڵگە |
| تێپەڕ | پەرستن | پەرست | | پەرستگە / پەرستگا |
| | فرۆشتن | فرۆشت | | فرۆشگە / فرۆشگا |
| | ... | | | |

٢- پاشگری ( -ەن )

| | چاوگ | ڕەگ | پاشگر | ناوی جێگا |
|---|---|---|---|---|
| تێنەپەڕ | سووتان | سووتێ[١٨٨] | | سووتەن |
| | ... | | -ەن | |
| تێپەڕ | ڕشتن | ڕێژ | | ڕێژەن |
| | ... | | | |

---

[١٨٨] ئەو پاشگرانەی بە بزوێنی (ە) دەست پێدەکەن ، وەك (-ەر) ، (-ە) ، (-ەن) ... گەلێ جار کە دەچنە سەر ڕەگی ئەو کردارانەی بە بزوێن کۆتاییان دێ ، بە سەر بزوێنی ڕەگەکەدا سەردەکەون - واتە دەنگی بزوێنی کۆتایی ڕەگە تێدەچێ و (ە)ی سەرەتای پاشگرەکە دەمێنێتەوە . وەك :

دانان : دا - نێ + ەر = دانەر

پاڵنان : پاڵ - نێ + ەر = پاڵنەر

سووتان : سووتێ + ەن = سووتەن

...

هەروەها بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٧٤) و (٨٦)ی ئەم باسە .

سێ– وشەی واتادار :

١–ناو + ڕەگ

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەفر | + |ماڵ (ماڵین) | – | بەفرماڵ |
| دەست | + | کێش (کێشان) | – | دەستکێش |
| قەڵەم | + | بڕ (بڕین) | – | قەڵەمبڕ |
| پلاو | + | پاڵێو (پالاوتن) | – | پڵاوپاڵێو |
| چا | + | پاڵێو (پالاوتن) | – | چاپاڵێو |
| شەکر | + | شکێن (شکاندن) | – | شەکرشکێن |
| دەست | + | هاڕ (هاڕین) | – | دەستاڕ[189] |
| دەست | + | شۆر (شۆردن) | – | دەستشۆر |
| مل | + | پێچ (پێچان) | – | ملپێچ |

... هتد .

٢–ناو + ڕەگ + زیادی (ناوبەند ، پێشگر ...)

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دەست | + | ە | + | سڕ (سڕین) | – | دەستەسڕ |
| پاژنە | + | هەڵ | + | کێش (کێشان) | – | پاژنەهەڵکێش |

... هتد .

٣–ئاوەڵکردار + ڕەگ

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بەر | + | ماڵ (ماڵین) | – | بەرماڵ |
| بەر | + | بەست (بەستن) | – | بەربەست |
| دوور | + | بین (بینین) | – | دووربین |

...

---

(189) دەنگی (هـ) تیاچووە ، واتە بەر یاسای سوان و کورت کردنەوە کەوتووە .

٤-ناوەڵکردار + ڕەگ + ە

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لا | + | گیر (گیران) | + | ە | - | لاگیرە |
| بەر | + | چن (چنین) | + | ە | - | بەرچنە |

...[١٩٠]

**تێبینی :**

١-ناوی ئامێریش وەك (ناوی کارا)و (ناوی بەرکار)و (ناوی جێگا) لە ڕەگی ڕووت پەیدا نابێ .

٢-ناوی ئامێر وەك (ناوی کارا) لە ڕەگ و پێشگر یان پاشگر یان وشەی واتادار پێك دێ .

٣-پێشگری (پێ-)و پاشگری (-ەك ، -ك ik- ، -کە ، -نگ ، -ۆك / -ۆکە ، -ە) لەگەڵ ڕەگدا ناوی ئامێر ڕۆدەنێن :

ا)پاشگری (-ەك ، -ك ik - ، -کە ، -نگ) دەچنە سەر ڕەگی کرداری تێپەڕ و بەدوا تێنەپەڕدا نایەن .

ب)پاشگری (-ۆك / - ۆکە) لەگەڵ ڕەگی تێنەپەڕدا دێت و ناچێتە سەر ڕەگی تێپەڕ .

ج)پێشگری (پێ-)و پاشگری (-ە) لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕیش و تێنەپەڕیشدا دێن .

---

[١٩٠] بۆ باسی ڕۆنانی (ناوی کار) و (ناوی بەرکارا) و (ناوی چاوگ) و (ناوی جێگا) و (ناوی ئامێر) کەڵکێکی زۆرم لەم دوو سەرچاوەیە وەرگرتووە :

أ) ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لیژنەی زمان و زانستەکانی ، بەغدا ، ١٩٧٦ .

ب) ڕەفیق محەمەد شوانی ، ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن ، نامەی ماجیستێر ، زانکۆی سەلاحەددین ، ١٩٨٨ .

٤-وشەی واتادار و ڕەگ پێکەوە ناوی ئامێر پێکدێنن . وشە واتادارەکەش دەشێ (ناو) ، یان (ئاوەڵکردار) بێ . هەندێ جاریش زیادی وەك ناوبەند یان پێشگر بەشداری ئەو ڕۆنانە دەکەن .

٥-ڕەگی کرداری تێپەڕ لە بەشداریکردنی پێکهێنانی ناوی ئامێردا زۆر چالاکە ، بەڵام ڕەگی کرداری تێنەپەڕ دەگمەن هاریکاری دەکا .

**ئەنجام :**

١- لە زمانی کوردیدا ، هەروەك زمانە ئێرانی‌یەکانی دی ، کردار خاوەنی دوو بنەمایە : بنەمای کاتی ڕابوردوو - (قەد)و بنەمای کاتی ڕانەبوردوو - (ڕەگ).

٢- تێکڕای چاوگەکانی زمانی کوردی ، ئەگەر (ن)ی چاوگیان لێ لابرێ ، قەدیان لێ پەیدادەبێ .

٣- قەدی کردار لە زمانی کوردیدا بنەمای گشت جۆرە ڕابوردوویێکی (نزیك ، بەردەوام ، تەواو ، دوور)ی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائی‌یە و هەروەها کەرەستەی پێکهێنی ناوی کارا و ناوی بەرکار و ناوی چاوگ و ناوی جێگایە .

٤- ئەو وشانەی بنەمای کردار هاریکاری ڕۆنانیان دەکا : (ناوی کارا) ؛ (ناوی بەرکار) ؛ (ناوی چاوگ) ؛ (ناوی جێگا) ؛ (ناوی ئامێر) دەوری قەد تێیاندا بەم چەشنەیە :

أ) قەد لە ڕۆنانی (ناوی کارا) و (ناوی بەرکار)و (ناوی چاوگ)و (ناوی جێگا)دا بەشداری دەکا و لە پێکهێنانی (ناوی ئامێر)دا هاریکاری ناکا .

ب) هاریکاریی قەد لە ڕۆنانی (ناوی کارا)و (ناوی بەرکار)دا چالاکە و لە سازکردنی (ناوی چاوگ) و (ناوی جێگا)دا سستە .

ج) قەدی کرداری تێنەپەڕ پتر لە تێپەڕ دەتوانێ ببێتە کەرەستەی ڕۆنانی (ناوی کارا)و (ناوی بەرکار)، بەڵام بۆ ڕۆنانی (ناوی چاوگ)و (ناوی جێگا) بەپێچەوانەوە قەدی کرداری تێپەڕ چالاکترە .

د) بۆ تەواو کردنی ڕۆنانی ئەو جۆرە ناوانە لە قەدەوە ، تەنیا پاشگر دەتوانێ ببێتە کەرەستە .

هـ) تـەنیا پاشـگری (-وو) ؛ (-ە) ؛ (-ەوار) ؛ (-گـار) ؛ (-ار) ، (-وە / -ەوە) ؛ (-ەمەنی) ؛ (-گە / -گا) ؛ (-مان) دەتوانن بچنە سەر قەدی کردار . لە نێو ئەو پاشگرانەشدا ، پاشگری (-وو) لە هەموویان چالاکترە و بەدوا ئەویشدا (-ە)و ئەنجا ئەوانی دی : (-وە / -ەوە) ؛ (-ەمەنی) ؛ (-ار) ؛ (-گە / -گا) ؛ (-ەوار) ؛ (-گار) ؛ (-مان) .

٥-لە زمانی کوردیدا بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کردار لە چاوگەوە ، بە هەمان شێوەی زمانە ئێرانی‌یەکانی دی ڕێگەیێکی بنەڕەتی و چەند ڕێگەیێکی بیژۆك هەیە :

٦-سەرپاکی چاوگی تێنەپەڕی بە (وون)و (دن) کۆتایی هاتوو و تێپەڕە (ین)یەکان دەکەونە نێو حاڵەتە بنەڕەتی‌یەکەوە .

٧- زوربەی زۆری چاوگی تێنەپەڕی (ین)ی و تێپەڕی (ان)یش هەر بەر یاسا بنەڕەتی‌یەکە دەکەون . واتە لە چاوگی تێنەپەڕی (ین)یدا ، جگە لە دوو چاوگی (ژین)و (زاین) ، کە بیژۆکن ، ئەوانی دی بەپێی ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە ڕەگیان وەردەگیرێ . لە کۆمەڵە چاوگی (ان)یش دا ، تەنیا دوو چاوگی (دان)و (نان) ناچنە نێو دەستوورە بنەڕەتی‌یەکەوە .

٨-کەمێکی چاوگی تێنەپەڕی (تن)ی و (ان)ی و تێپەڕی (تن)ی و (دن)ی بەر یاسا بنەڕەتی‌یەکە دەکەون - واتە لە چاوگی (تن)یدا ، تەنیا تێنەپەڕی (کەوتن ، خەوتن ، بزووتن...)و تێپەڕی (ئاژووتن ، گرتن ...)...و لە تێنەپەڕی

(ان)یدا هەر (ترسان ، وەستان ، گریان)و لە تێپەڕی (دن)یدا (خوێندن ، ژەندن...) بە گوێرەی دەستوورە بنەڕەتی‌یەکە وەردەگیرێن .

٩-هیچ چاوگێکی تێپەڕی بە (وون) کۆتایی هاتوو ڕێگە بنەڕەتی‌یەکەی نەگرتووە - واتە گشتیان بیژۆکن - ڕەگیشیان بە لابردنی دوا دەنگ - واتە (ن)ی چاوگ پەیدا دەبێ .

١٠-بەشێکی زۆری چاوگی تێنەپەڕی (ان)ی و تێپەڕی (دن)ی و تێنەپەڕ و تێپەڕی (تن)ی لەسەر ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە ناڕۆن - واتە لە چاوگی تێنەپەڕی (ان)یدا (گەڕان ، ڕژان ، خنکان ، سووتان ، ڕمان ، پسان... مان)و تێپەڕی (دن)یدا (سەندن ، بژاردن ، سپاردن ، بواردن ، ناردن ... بردن ، کردن ، خواردن)و لە (تن)یەکاندا تێنەپەڕی (هاتن ، نوستن ، گەیشتن...)و تێپەڕی (بەستن ، بیستن ، پەرستن ... پاڵاوتن ، ئەنگاوتن ، ئاخاوتن ... ڕستن ... کوشتن ، کرۆشتن ... گەستن ، خواستن ... ناشتن ، هاویشتن ، ڕشتن ، داشتن ... شوشتن ... ویستن ... خستن ...) ناچنە نێو یاسا بنەڕەتی‌یەکەوە و بە گوێرەی دەستووری جۆربەجۆر بەڕێوە دەچن :

أ)تێکڕای چاوگە تێنەپەڕە بە (ان) کۆتایی هاتووە بیژۆکەکان (جگە لە "مان" ، کە ڕەگەکەی "مێن"ە) ، دوا دەنگیان لێ‌دەکرێتەوە و (ا)ی کۆتاییان دەگۆڕدرێ بە (ێ) .

ب)چاوگە تێپەڕە (دن)یە بیژۆکەکان شێوەی ڕەگیان بە چوار ڕێگە پێک‌دێ :

یەکەم- تاکە چاوگی (سەندن) بە لابردنی دوا دەنگ .

دووەم- زوربەیان (بژاردن ، سپاردن ، بواردن ، ناردن...) دوو دەنگی کۆتایی چاوگەکانیان لادەبرێ و (ان)ی پێش کۆتاییان دەکرێ بە (ێ) .

سه‌رجه‌می ئه‌و چاوگه تێنه‌په‌ڕانه‌ش ، که به یاریده‌ی پاشگری (-اندن) کراون به تێپه‌ڕ : (گه‌ڕاندن ، ڕژاندن ، سووتاندن ...) به‌ر هه‌مان ده‌ستوور ده‌که‌ون .

سێیه‌م- دوو چاوگی (بردن ، کردن) سێ ده‌نگی کۆتاییان لاده‌برێ و ( i )ی کۆتاییان ده‌کرێ به (ه) .

چواره‌م- تاکه چاوگی (خواردن) چوار ده‌نگی کۆتایی لاده‌برێ و (و)ی کۆتایی ده‌کرێ به (ۆ) .

ج)چوار چاوگی (هاتن ، نوستن ، گه‌یشتن ، ڕویشتن)ی تێنه‌په‌ڕی (تن)ی بیژۆك به‌ر سێ یاسای جودا ده‌که‌ون .

یه‌که‌م- (هاتن) دوو ده‌نگی کۆتایی فڕێ ده‌درێ و (ا)ی کۆتایی ده‌گۆڕدرێ به (ێ) .

دووه‌م- (نوستن) سێ ده‌نگی کۆتایی هه‌ڵده‌گیرێ و (و)ی کۆتایی ده‌کرێ به (وو) .

سێیه‌م- دوو چاوگی (گه‌یشتن ، ڕۆیشتن) چوار ده‌نگی کۆتاییان لاده‌برێ .

د) چاوگه تێپه‌ڕه بیژۆکه به (تن) کۆتایی هاتووه‌کان به چه‌ند ده‌ستوورێکی جیاواز ڕه‌گیان وه‌رده‌گیرێ :

یه‌که‌م- لابردنی دوا ده‌نگ . وه‌ك :

(به‌ستن ، بیستن ، په‌رستن...)

دووه‌م- لادانی دوو ده‌نگی کۆتایی و گۆڕانکاری :

چاوگی (پالاوتن ، نه‌نگاوتن ... ئاخاوتن ... ڕستن .... کوشتن ، کرۆشتن ... گه‌ستن ، خواستن ... هێشتن ... ناشتن ، هاویشتن ، ڕشتن ، داشتن ...) به‌ر ئه‌م یاسایانه ده‌که‌ون :

گۆڕانکاریی (پاڵاوتن ، ئەنگاوتن ، ئاخاوتن ...) ئەوەیە ، کە (ا)ی پێش کۆتاییان دەکرێ بە (ێ) . (ڕستن)یش (ا)ی پێش کۆتایی دەکرێ بە (ێ) . (کوشتن ، کرۆشتن ... گەستن ، خواستن) دوا دەنگی (ش ، س)یان دەگۆڕێ بە (ژ ، ز) . (هێشتن) دوا دەنگی (ش)ی دەبێ بە (ڵ) . (ناشتن ، هاویشتن ، ڕشتن ، داشتن) دەکەونە بەر گۆڕینی (ش)ی کۆتایی بە (ژ ، ز)و (س) بە (ز)و (ا ، ی ، ا)ی پێش کۆتایی بە (ێ) .

سێیەم- لادانی سێ دەنگی کۆتایی و گۆڕانکاری .

(و)ی (شوشتن) دەبێ بە (ۆ) ؛ (ی)ی (ویستن) بە (ێ) ؛ (ا)ی (خستن) بە (ە) .

١١-کەمێکی چاوگی تێنەپەڕی (ین)ی و تێپەڕی (ان)ی بەر دەستووری بنەڕەتی‌یەکە ناکەون - واتە لە چاوگی تێنەپەڕی (ین)یدا (ژین)و (زاین) ؛ لە چاوگی تێپەڕی (ان)یدا (دان)و (نان) بیژۆکن و بە یاسای دی ڕەگیان پەیدا دەبێ :

ڕەگی چاوگی (ژین) پەیڕەوی دەستووری لابردنی دوا دەنگ دەکات .

ڕەگی چاوگی (زیان) دەستووری لابردنی دوو دەنگی کۆتایی و گۆڕینی (ا)ی کۆتایی بە (ێ)ی ڕەچاوکردووە .

ڕەگی چاوگی (دان) بەر یاسای لێکردنەوەی دوا دەنگ و گۆڕینی (ا)ی کۆتایی بە (ە) کەوتووە .

ڕەگی چاوگی (نان)یش وەك (دان) سەر بە یاسای لێکردنەوەی دوا دەنگە ، بەڵام هێندە هەیە ، کە (ا)ی کۆتایی (نا) بووە بە (ێ) ، نەك بە (ە) .

١٢-چەند چاوگێکی کەم هەیە ، وەك (گوتن / وتن ، دیتن ، مان ...) ، کە هەر یەکەیان ڕێگەیێکی سەربەخۆیان گرتووە :

ڕەگی (گوتن ، وتن) - (ڵێ)یە ، کە بەر هیچ دەستوورێك ناکەوێ .

ڕەگی (دیتن / دین) لە کاتی ڕانەبوردوودا بە ڕەگی چاوگی (بینین) دەردەبڕێ .

(مان) ، کە ڕەگەکەی (مێن)ە ، نە (ن)ی چاوگ و نە دەنگی دی لێ لانەبراوە و تەنیا (ا)یەکەی کراوە بە (ێ) .

١٣-گشت ئەو ڕەگانەی بەر ڕێگە بنەڕەتی‌یەکە دەکەون کۆتاییان بە دەنگی نەبزوێن دێت (جگە لە دوو سێ ڕەگی وەك : ئاژوو - ئاژووتن ؛ بزوو - بزووتن...) .

وەك : وەست - وەستان ، لەرز - لەرزین ، مر - مردن ، کەو - کەوتن ، هێن - هێنان ، کڕ - کڕین ، خوێن - خوێندن ، گر - گرتن ... و دەیانی دی .

١٤-ئەو ڕەگانەی بە ڕێگەی بیژۆك سازدەبن ، دەشێ بە بزوێن یش و نەبزوێنیش کۆتاییان بێت :

ا)بزوێن . وەك :

دروو - دروون ، گەڕێ - گەڕان ، دە - دان ، زێ - زاین ، کە - کردن ، شۆ - شوشتن ، گە - گەیشتن ، خۆ - خواردن ... و دەیانی دی .

ب)نەبزوێن . وەك :

بژێر - بژاردن ، کوژ - کوشتن ، خواز - خواستن ، ڕێس -ڕستن ، مێن - مان ، پەرست - پەرستن ، نێر - ناردن ... و چەندینی دی .

١٥-تەنیا لە چەند چاوگێکی یەکجار کەمدا (دروون ، سوون ، گروون ، جوون ، بەستن ، بیستن ، پەرستن ، سەندن ...) قەد و ڕەگ خاوەنی یەك بنەمان ، دەنا لە زوربەی زۆریاندا تەواو جیاوازن .

١٦-ڕەگ لە زمانی کوردیدا دەبێتە بنەمای هەموو جۆرە کاتێکی ڕانەبوردوو (ئێستا و ئاینده)ی ڕێژەی ئیخباری و ئینشائی و داخوازی و کەرەستەی چالاکی ڕۆنانی (ناوی کارا) و (ناوی بەرکار)و (ناوی چاوگ) و (ناوی جێگا) و (ناوی ئامێر) .

١٧–ئەو ناوانەی ڕەگی کردار هاریکاریی ڕۆنانیان ددکا : (ناوی کار) ؛ (ناوی بەرکار) ؛ (ناوی چاوگ) ؛ (ناوی جێگا) ؛ (ناوی ئامێر) دەوری ڕەگ تێیاندا بەم چەشنەیە :

أ)ڕادەی چالاکیی هاریکاریی ڕەگ پتر لە ڕۆنانی (ناوی کارا)دایە و ڕادەی هەرە سستیشی لە سازکردنی (ناوی جێگا)دایە .

ب)ڕەگی کرداری تێپەڕ کەرەستەییێکی یەکجار بەرفراوانی پێکهێنانی گشت جۆرە ناوێکە . هەرچی ڕەگی کرداری تێنەپەڕە لە سنوورێکی تەسکدا ئەو ئەرکە بەجێدێنێ .

ج)ڕەگ لە گشت ئەو جۆرە ڕۆنانانەدا زۆر لە قەد چالاکترە و وێڕای ئەوەش قەد لە پێکهێنانی (ناوی ئامێر)دا هاریکاری ناکا ، بەڵام بەشداریی ڕەگ لە سازکردنی (ناوی ئامێر)دا ، تەواو دیار و بەرچاوە .

د)قەد بە تەنیا ناتوانێ هیچ جۆرە ناوێك پێك بێنێ ، بەڵام ڕەگ بە ڕووتی و بێ یاریدە دەتوانێ ببێتە (ناوی چاوگ) .

ه)هەر پاشگر بۆی هەیە بچێتە سەر قەد ، بەڵام لەگەڵ ڕەگدا پێشگریش و پاشگریش و وشەی واتاداریش دێن .

١٨–پێشگری (بە – ، نە – ، پێ –)و زۆربەی ئەو پێشگرانەی یاریدەی ڕۆنانی کرداری داڕێژراو دەدەن : (ڕا – ، هەڵ – ، دا – ، وەر – ... پێ – ، تێ – ...)و پاشگری (–ەر ، –ا ، –یار ، –گار ، –ۆك ، –نۆك ، –ەك ، –ندە ، –دە / –یدە ، –وو ، –ە ، –ست ، –ش / –شت ، –اك ، –گە / –گا ، –ەن ، –ك ik– ، –کە ، –نگ ، –ۆکە) دەچنە سەر ڕەگی کردار . لە نێو ئەو پێشگر و پاشگرانەشدا :

أ)پێشگری (بـ–)و پاشگری (–ەر ، –ا ، –یار ، –ست ، –اك ، –ك ik – ، –کە ، –نگ) تەنیا لەگەڵ ڕەگی کرداری تێپەڕدا دێن .

٣-گۆزەکە پڕبوو .

گۆزەکە پڕدەبێ .

...[٢٦١]

٤-کە من چووم ، میوانەکە هاتبوو .

ئازاد زمانی بستێ دەرکێشابوو

...[٢٦٢]

٥-دەبوو زوو بڕۆیشتایە

دەبێ زوو بچی

---

-

لە سایەی چاوەکانی بوومە ڕەندی خەرابات

لەلای پیری مەیخانە خەرقەم لە گرۆی مەی ناوە

(وەفایی ، ل ١٥٢)

[٢٦١] گوتم پڕبووە لە ئەفسانەی دڵداری ،

بە لەعنەت بێ زوهرەی جوانی و عەیاری !

(گۆران ، ل٣٧)

بەهەشت کە پڕبێ لە وشکە سۆفی

ئاواتە خوازم کە لە سەقەر بم

(بێکەس ، ل١٣٨)

[٢٦٢] دەستیان گرتبوو پڕجۆش و خرۆش

گۆرانی بێژیان بلبلی دەنگ خۆش

(پیرەمێرد ، ل١٤٢)

... هەناسە برکێم پێ کەوتبوو ، زمانم بستێ دەرکێشابوو ...

(لە خەوما ، ل٣٠)

-

رابوردووی ئیخباری :

یارێ بورِ حوسنەك ل باڵ بوو

دلبەرەك غایەت جەماڵ بوو

(جزیری ، ل ٣٥٦)

... چی ل دۆزا وی دبوو و دقەومیێ گشك فەهم دكر .

(كوردۆ ، ل٤٢)

عاقبەت بوومە شەهیدێ سەرێ نوكێ موژگان

ژ جەفا غەمزەئان نەرگسی مەستانە خلاس

(پەرتوبێ هەكاری ، ل ١٣٧)

... ئەو ژ ماڵێ دنیایێ حورِ بووبوو ، بووبوو گورا هار .

(كوردۆ ، ل ٣٣)

رابوردووی ئینشائی :

عەلی نكاربوو ژ وی خلاس ببوویا .

(كوردۆ ، ل٤٢)

... نكاربوو ژ ناڤ دەست و پێێد وی دەرگەتا خلاس بووبوویا .

(كوردۆ ، ل ٣٥)

ئەرێتی :

ڤە ساغ نابت ب دەرمان و مثالان

ج لێ كت پرتوبی جەنەت نەڤێتن

(پەرتوبێ هەكاری ، ل١٧٨)

... ئەو گونەه كار نەبوویە ...

(كوردۆ ، ل ٣٨) .

.. و گەلێكی دی .

(هاتن) :

کرداری (هاتن) ، کە ڕەگەکەی (هێ)یە و لە زۆربەی دیالێکت و بەشە دیالێکتەکانی کوردیدا بەر یاسای کورت کردنەوە کەوتووە و بووە بە (ێ) ، لە دوو ڕووەوە لە دەستوو لادەدات :

١–بەتایبەتی لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا ، لە کاتی ڕانەبوردوودا (د)ی نیشانەی موزارەعەتی دەبێ بە (ت) :

| | |
|---|---|
| ئەز | تێم |
| تو | تێی |
| ئەو | تێ |
| ئەم | |
| هوون | تێن [٣١٣] |
| ئەوان | |

لە هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی کوردیدا ڕێژەی داخوازی لە بنەمای (وەر)ەوە سازدەبێ :

| کرمانجیی خواروو | کرمانجیی ژووروو |
|---|---|
| وەرە [٣١٤] | وەرە [٣١٥] |
| وەرن | وەرن |

[٣١٣] سەد نیلێ وە تێن و دەمرن قەلبێ مە
پێ ئاحسەنێن قولزەم دەریایێ ئەز

(جزیری ، ل٢١٧)

[٣١٤] جۆبارە ، لالەزارە ، وەرە سەر چەمم ، وتی :
ئاشووبە ئەم بەهارە ، بوە سەیری چەم حەرام

(مەحوی ، ل٢١٢)

[٣١٥] پەرتو وەرە گوهدە ڤێ نصیحەت
(أما) ژ دل و جان ب (دقت)

(پەرتوێ هەکاری ، ل٣٧)

د-ڕابوردووی بەردەوام

| | | | ئیخباری | | ئینشائی |
|---|---|---|---|---|---|
| تێنەپەر | داڕێژراو | Ø | دابووبامایە | | دا-نەبووبامایە |
| | | | داکەوتبامایە | | دا-نەکەوتبامایە |
| | لێکدراو | Ø | ئازادبووبامایە | | ئازاد-نەبووبامایە |
| | | | سەرکەوتبامایە | | سەر-نەکەوتبامایە |

| | | | ئیخباری | | ئینشائی |
|---|---|---|---|---|---|
| تێپەر | داڕێژراو | Ø | دام بگرتبایە | | دام- نەگرتبایە |
| | | | ڕام بکردبایە | | ڕام-نەکردبایە |
| | لێکدراو | Ø | ڕێگام بگرتبایە | | ڕێگام- نەگرتبایە |
| | | | بەخێوم بکردبایە | | بەخێوم-نەکردبایە |

٢-لە کرداری سادەی ڕابوردووی نزیك و تەواو و دووری تێپەڕی ئیخباری و ڕابوردووی نزیك و بەردەوام و تەواو و دووری تێپەڕی ئینشائیدا جێناوی لکاو دەکەوێتە نێوان (نە)و قەدی کردارەوە . وەك :

ا-ڕابوردووی نزیك

| ئیخباری | ئینشائی |
|---|---|
| گرتم نە - م - گرت | گرتبام نە - م - گرتبا |
| کردم نە - م - کرد | کردبام نە - م - کردبا |

ب-ڕابوردووی تەواو

| ئیخباری | ئینشائی |
|---|---|
| گرتوومە نە - م - گرتووە | گرتبێم نە - م - گرتبێ |
| کردوومە نە - م - کردووە | کردبێم نە - م - کردبێ |

## کرمانجیی ژووروو

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕانەبوردوو | ئەز | هەمە | نینم |
| | تو | هەیی | نینی |
| | ئەو | هەیە | نینە |
| | ئەم | | |
| | هوون | | نینن |
| | ئەوان | | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕابوردوو | ئەز | هەبووم | نی‌بووم |
| | تو | هەبوویی | نی‌بوویی |
| | ئەو | هەبوو | نی‌بوو |
| | ئەم | | |
| | هوون | هەبوون | نی‌بوون [٣٢٣] |
| | ئەوان | | |

(تون) تەنیا لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروودا دەبینرێ و بۆ نەرێتیی کاتی ئێستای کرداری (هەبین) - (ئەز تونەمە ... ئەم تونەنە...)و ڕابوردووی ئیخباری و ئینشائی و ، ڕێژەی داخوازی (هەبوون) : (تونەبووم ... تونەبووما ...) ، (تونەبە ... تونەبن) ... بەکاردێ .

ئامرازی (نـ ni) هەر لە دیالێکتی ژووروی کوردیدا بەکاردێ و ئەویش تەنیا لە کرداری (کارن ، زانین)دا [٣٢٤] بەوێنە :

لێ ماعرێ قەرقاش کر و نەکر ، نکاربوو ژ ناڤ دەست و پێپێند وی دەرکەتا ...

(کوردۆ ، ل٣٥)

---

[٣٢٣] ق. کوردۆیێڤ ، دەستووری زمانی کوردی (بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجیی ژووروو و خواروو) ، مۆسکۆ ، ١٩٧٨ ، ل ١٦٥ ، ٢١١ - ٢١٢ .

[٣٢٤] هەمان سەرچاوە ، ل١٦٥ .

| کۆتایی | چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | پاشگر | کۆتایی | چاوگی کارا بزر |
|---|---|---|---|---|---|
| ان | هێنان | هێن | ر | ان | هێنران |
| | کێڵان | کێڵ | | | کێڵران |
| | شێلان | شێل | | | شێلران |
| ین | ماڵین | ماڵ | ر | ان | ماڵران |
| | چنین | چن | | | چنران |
| | بینین | بین | | | بینران |
| وون | جووین | جوو | ر | ان | جووران |
| | درووین | دروو | | | درووران |
| | گرووین | گروو | | | گرووران |
| دن | ناردن | نێر | ر | ان | نێرران |
| | ژەندن | ژەن | | | ژەنران |
| | خوێندن | خوێن | | | خوێنران |
| تن | هێشتن | هێڵ | ر | ان | هێڵران |
| | کوشتن | کوژ | | | کوژران |
| | شوشتن | شۆ | | | شۆران |

٢-کردار لە ڕێژەی ڕانەبوردوودا بێ ، نیشانەی (ێ) وەردەگرێ – واتە : نیشانەی (دە / ئە)ی ڕانەبوردوویی + ڕەگی ڕانەبوردوو + ر + ێ . بەوێنە :

| چاوگ | (دە/ ئە )ی نیشانەی ڕانەبوردوویی | ڕەگی ڕانەبوردوو | پاشگر | کۆتایی | کرداری کارا بزر لە دەمی ڕانەبوردوودا |
|---|---|---|---|---|---|
| هێنان | دە / ئە | هێن | ر | ێ | دەهێنرێ |
| کێڵان | | کێڵ | | | دەکێڵرێ |
| شێلان | | شێل | | | دەشێلرێ[٣٥١] |

---

[٣٥١] شێکە و بروێش تێک هەڵ ئەشێلرێ
چاڵێکی قووڵی بۆ هەڵ ئەکەنرێ
(پیرەمێرد ، ل ٢٧٢)

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ماڵین | | ماڵ | | | دەماڵرێ |
| چنین | ده / نه | چن | ر | ێ | دەچنرێ |
| بینین | | بین | | | دەبینرێ |
| جوون | | جوو | | | دەجوورێ(٣٥٢) |
| دروون | ده / نه | دروو | ر | ێ | دەدروورێ |
| گروون | | گروو | | | دەگروورێ |
| ناردن | | نێر | | | دەنێررێ |
| ژەندن | ده/ نه | ژەن | ر | ێ | دەژەنرێ |
| خوێندن | | خوێن | | | دەخوێنرێ |
| هێشتن | | هێڵ | | | دەهێڵرێ |
| کوشتن | ده / نه | کوژ | ر | ێ | دەکوژرێ(٣٥٣) |
| شوشتن | | شۆ | | | دەشۆرێ |

٣-ڕێژەی ڕابوردووی کردار نیشانەی (ا)ی پێوە دەلکێنرێ واتە : ڕەگی کرداری ڕانەبوردوو + ر + ا . وەك :

| چاوگ | ڕەگی ڕانەبوردوو | پاشگر | کۆتایی | کرداری کار بزر لە دەمی ڕابوردوودا |
|---|---|---|---|---|
| هێنان | هێن | | | هێنرا |
| کێڵان | کێڵ | ر | ا | کێڵرا |
| شێلان | شێل | | | شێلرا |

---

(٣٥٢) پاروو هەتا نەجوورێ ، قووت نادرێ .

(پەندی پێشینان ، ل ١٢٠)

(٣٥٣) ... ئەمووت ئەها هەر ئێستا ئەگوژرێم

(لە خەوما ، ل ٣٠)

... کوڕە نەیەنە پێشەوە ئەکوژرێن

(لە خەوما ، ل ٣٢)

**رابوردووی تەواو**

ئەز هاتمە
تو هاتییی
ئەو هاتییە
ئەم / هوون / ئەو هاتنە[٣٩١]

گرتن / گرتنێ ...

**رابوردووی دوور**

ئەز هاتبووم
تو هاتبوویی
ئەو هاتبوو
ئەم / هوون / ئەو هاتبوون

گرتن / گرتنێ ...

---

[٣٩١] ئەڤ چەند چیرۆکێن کەڤن ، مە ، ژ بیر و کالێن خوە وەرگرتینە نە ئەڤ چیرۆک تێ ژ مەرا ، هاتنە گوتن ...

(خالید حسەین : ل٢)

## کاتی ڕانەبوردوو

**کاتی ئێستا.**

ئەز تێم
تو تێیی
ئەو تێ
ئەم
هوون تێن
ئەو

گرتن / گرتنێ ...

**کاتی ئاینده :**

جۆری یەکەم

ئەزێ بێم[٣٩٢]
تویێ بێیی
ئەوێ بێ[٣٩٣]
ئەمێ
هوونێ بێن
ئەوێ

گرتن / گرتنێ ...

---

(٣٩٢) کەسەک من ناسناکە نافا ئێلا تەدا ،
ئەز بێمە کوشتن ، نابە کەسەر دلدا
(سیابەند و خەجێ ، ل٤٨)

(٣٩٣) وەکی سیابەند بێ کوشتن ، نەکەدمرە .
(سیابەند و خەجێ ، ل٥٠)

بنەمای کردار ........................ ١٠٦

ا- قەدی کردار ل ١٠٧ ، ب- ڕەگی کردار : ڕێگەی بنەڕەتی ل ١٢٩ ؛ ڕێگەی بیژۆك ل ١٣٦ .

ناوی کارا ل ١٥٠ ؛ ناوی بەرکار ١٦٢ ؛

ناوی چاوگ ل ١٦٦ ؛ ناوی جێگا ل ١٧٠ ؛

ناوی ئامێر ل١٧١ .

ئەنجام ل١٧٥ .

ڕێژە و کات ........................ ١٨٣

١-ڕێژەی ئیخباری ........................ ١٩١

کاتی ڕانەبوردوو (ا-کاتی ئیستا ل١٩٨ ؛ ب-کاتی ئاینده ل١٩٩ ) .

کاتی ڕابوردوو (١-ڕابوردووی نزیك ل٢٠٠ ؛ ٢-ڕابوردووی بەردەوام ل٢٠٢ ؛ ٣-ڕابوردووی تەواو ل٢٠٥ ؛ ٤-ڕابوردووی دوور ل٢٠٨ ) .

٢-ڕێژەی ئینشائی ........................ ٢١٦

کاتی ڕانەبوردوو (ا-کاتی ئیستا ل٢١٦ ؛ ب-کاتی ئاینده ل٢٢١ ).

کاتی ڕابوردوو (١-ڕابوردووی نزیك ل٢٢٥ ؛ ٢-ڕابوردووی بەردەوام ل٢٢٦ ؛ ٣-ڕابوردووی تەواو ل٢٢٨ ؛ ٤-ڕابوردووی دوور ل٢٢٩ ) .

٣-ڕێژەی داخوازی ........................ ٢٣٨

کرداری یاریدەدەر ........................ ٢٥١

کرداری (بوون) ........................ ٢٥١

باری ئەرێتی : ١-ڕێژەی ئیخباری ل٢٥٢ ؛ ٢-ڕێژەی ئینشائی ل٢٥٥ ؛ ٣-ڕێژەی داخوازی ل٢٥٧.

باری نەرێتی : ١-ڕێژەی ئیخبا ی ل٢٥٧ ؛
٢-ڕێژەی ئینشائی ل٢٥٨ ؛ ٣-ڕێژەی داخوا ی ل٢٥٩.
کرداری (هاتن) .................................... ٢٦٧
کرداری (هێنان / هانین) .................................... ٢٦٩
کرداری (دان / داپین) .................................... ٢٧٠
کرداری (کردن / کرن) .................................... ٢٧١
ئەو کردارانەی لە دەستوور لادەدەن .................................... ٢٧٢
کرداری (هەبوون) .................................... ٢٧٢
باری ئەرێتی : ١-ڕێژەی ئیخباری ل٢٧٥ ؛
٢-ڕێژەی ئینشائی ل٢٧٧ ؛ ٣-ڕێژەی داخوازی ل٢٧٧.
باری نەرێتی : ١-ڕێژەی ئیخباری ل٢٧٨ ؛
٢-ڕێژەی ئینشائی ل٢٧٩ ؛ ٣-ڕێژەی داخوازی ل٢٧٩.
کرداری (هەبین) .................................... ٢٨٢
کرداری (وبستن) .................................... ٢٩٠
کرداری (چوون) .................................... ٢٩١
کرداری هاتن) .................................... ٢٩٣
کرداری (زانین) و (کارن) .................................... ٢٩٤
نەرێتیی کردار .................................... ٢٩٥
ئامرازی (نا) ل٢٩٥ ؛ ئامرازی (نە) ل٢٩٨ ؛
ئامرازی (مە) ل٣١٠ ؛ ئامرازی (نی) ل٣١٢ ؛
ئامرازی (تون) ل٣١٢ ؛ ئامرازی (نـ – in) ل٣١٣ .
کرداری کارا دیار و کرداری کارا بزر .................................... ٣١٥
نیشانەی نموونەکان .................................... ٣٤٩
سەرچاوە .................................... ٣٥٣

| | | |
|---|---|---|
| ١-پیکاسۆ | نینگو والتەر | و. زۆراب |
| ٢-خەون | ئەفلاتوون | و. ئاوات ئەحمەد |
| ٣-مار-ساد | پیتەر ڤایس. | شێرزاد حەسەن |
| ٤-دنیای شتە بچووکەکان | رێبوار سیوەیلی | |
| ٥-جەژنی لەدایکبونی کەروێشکە خرین | ئەلیسۆن ئەتتلی | و. تۆفیق ئەحمەد عبدول |
| ٦-مێلانە | حسێن عارف | |
| ٧-راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران | رۆبەرت ئۆلسن | و. ئەبوبەکر خۆشناو |
| ٨-هوشیاریی ئابووری | فوئاد تاهیر سادق | |
| ٩-بیناى هونەری لە کورتە چیرۆکی کوردیدا | ئەحلام مەنسور | |
| ١٠-کوردو کوردستان | د. ولید حمدی | و. محەمەد نوری تۆفیق |
| ١١-زمانی ئاگایی، ئاگایی زمان | عبدالمطلب عبدالله | |
| ١٢-بەهەشتی ئەوبەر پردەکە | رێبوار حەمە ڕەحیم | |
| ١٣-مستەفا سائیب ئەستێرەگەشەی | کەمال رەئووف محەمەد | |
| ١٤-رووەك و پزیشکیتی میللی کوردی | کەمال جەلال غەریب | |
| ١٥-زستانە خەون | گوڵی تەرەقی | و. دلاوەر قەرەداغی |
| ١٦-هاوڕێنامە بۆ مێژووی کوردستان | هاوڕێ باخەوان | |
| ١٧-پیدرۆ پارامۆ | خوان ڕۆلفۆ | و. ئازاد بەرزنجی و رێبوار سیوەیلی |
| ١٨- ئاغا و شێخ و دەوڵەت | مارتین فان برونەسن | و. کوردۆ |
| ١٩-پاڵمە خۆی | | و. رێبوار رەشید |
| ٢٠-چراکانی سەر هەڵەموت | شێرکۆ بێکەس | |
| ٢١- گۆران وگەڕان بەدوای یەقیندا | عەتا قەرەداغی | |
| ٢٢- کتێبی (ژن) | کەژاڵ ئەحمەد | |
| ٢٣- رێویەکی سەیر | | و. حەمە رشید |
| ٢٤- لە پەراوێزی مێژووی ئەردەلاندا | ئەوشیروان مستەفا ئەمین | |
| ٢٥- مێژووی ئارامییەکان | شاسوار. خ هەرشەمی | |
| ٢٦-٢٢ گوللە | ئیسماعیل بێشکچی | و. ئاسۆس ئەحمەد هەردی |
| ٢٧- دیوانی بێکەس | کۆکردنەوەی ئومێد ئاشنا | |

